بوونەوەرێکی کوژراو !..

ئەرسەلان مەحمود
Arsalan852@yahoo.com

ئەو باهۆزە
هێمن هێمن ، گەڵای درەختەکان
دەوەرێنێ ..
ناوە ناوە ، بە سەر سەری هەزاران
ڕەگی پێگرتوودا ..
دێت و دەڵێ :
لێرە وجود
هەرچییەك بێت
کەوتۆتە هەسارە..و سەردەمێکی تاریکەوە !..
>>> <<<
درەخت چییە ؟!..
لەو ڕۆژەوەی هاتوومە بوون ..
جگە لە ژەهری قەدێکی تاڵ !
چییەکی ترم
بەسەر لخی ڕووتیانەوە
بەدینەکرد !..
>>> <<<
هەموو شتێك
دوو دڵە ، ئاو نەبێت
هەموو بازنەیەك
چەقی دیارە ، ئاسمان نەبێت
بۆ هەر دیار و نادیارێك
گوێنەدان و خۆنە بەستنەوە
بە هیچ!..
کوا بەرگەی ئەو گەمەیە
دەگرم !..
>>> <<<
جارانی منالی ..
پاشای
خلیسکانێ و پاڵەوانی
ڕنینەوەی

بەرسیلەکانی ویست ..و

گاڵتەم

بە درەختی بێبەری بوون

دەهات !..

ئێستای تراویلکەیش

دەریایەکم

لە ئارەزووی خنکێدراو .. و

بوومەتە

بوونەوەرێکی کوژراو !..

>>>>>>>>>>>>> <<<<<<<<<<<<<